# پەندی پێشینیان: ناوچەی ئەردەڵان

کوچکێ نادان بیخاتە،گۆم، دانا بە سەدساڵ دەری نایرێ.

مەکە لەتەک فەقیران فەنێ، گەر خۆیان نەبن خوایان هەنێ.

پیاوگی گەورە قسەی گەورە ئەکا، پیاوگی بووچک قسەی بووچک.

مامر ئەیژێ خۆم خۆڵ نەکەمە سەر خۆما، کەس نایکا سەرما.

سم سم کەرە و چم چم یاسێ، من لەم کارە سەرم ئەماسێ.

بسێنە دەرماڵ، بفرۆشە بەر ماڵ.

کاڵای خاس هاوەلای گداوە.

کلک وە قنگ وڵاتەکەی خۆت بێرا خاسە، دا چێو وە قنگ بڕیاگ وڵاتان.

مەسی لە هەسی ئەکرگێت.

پووڵ نه نەوکیسه قەرز مەکە، قەرزیچ ئەکەی خەرجی مەکە.

ڕەگ وە ڕیشەو، گلێنە وە بنەتوو.

دار تەک تۆما، دیوار تۆ گوچکەت لێ بێت.

نەدیایام باوکت، ئەمردم وە عەزرەت دایکت.

هەرکەس سیر نەخوات، بۆی سیر لە دەمی نایە، قەوم گۆشت یەک بخوات، سوقان یەک ناشکنێ.

ژن و ماڵیان وتگە.

هەرکەس لای دێزەی چەورەو دانیشێ، چەور ئەوێ.

قسەی خۆتت لە کوێنا ژنەفتەو، لەو جێیا قسەی مەردمیان ئەکرد.

چاکەن بێخ چا جێیەیە.

قسەی بکە سەر بپێوێ، گەزێ بگرە بەر بپێوێ.

هەرکەس وەتەمای خاڵۆ و مەمۆ بێ، ئێوارە بێ نان سۆزی بێ دۆ بێ.

دەس دەس ئەشۆرێ، دەستیچ دەم و چاو ئەشۆرێ.

هەرکەس کراسێک هالە بەریا.

بزن گەڕۆڵ لەسەر چاوکەو ئاو ئەخواتەوە.

کەچەڵ تیمارکەر وێ، تیمار سەر خۆی ئەکا.

بوێسە دیارەو، پاڵ بە دیوارەو.

خۆر دایمە لە پشت هەورەو نامێنێتەو.

دز خێرابێ تاریکەشەو فرەس.

ماڵ خۆم بۆ خۆم، ماڵ مەردمیچ وەک هەڵوا ئەخۆم.

کاکڵە و مەویژ، لەمیچ و لەویچ.

کەر بە سەرەو نەچێتە درگا، ئەشێ بە قنگەو بیبەی.

دا کچی نەکا بۆری بۆری، کوڕی نایکا کاری زۆری.

ئاو له چاوکەوه لێڵ بێ، هەر لێڵه.

نه ئەونه تاڵ به تفت کەنەوه، نه ئەونه شیرین به قووتت بەن.

هەر هێڵێ چەفت بێ، هین گابۆره.

بزن خوا غەزەوی لێ بگرێ، نانی شوان ئەخوات.

کار ئیمڕۆ مەخه شەوسۆ.

حاشا لەو خوێنەو شەو هاته ملیا.

گرێ دەس مەخه دەم.

سک بیگره مشتێکه، بەری به دەشتێکه.

قسەی خۆت به گوێچکەی خۆت بژنەفه.

کای کۆن مەکه با.

سوور بوێنێ سەمای لەبیر ئەچێتەو.

دوور کوژ و نزیک پووکاوڵ.

وازی وازی وه ڕێش باوا وازی.

دایه بوێنەو دوێته بخوازه.

تف هەڵخه تێتەو ناوچاو خۆت.

سەرەجای گا هەر دۆڵه.

دوو گا له دۆڵێکا ڕەنگ یەک نەگرن خووی یەک ئەگرن.

خرەنگزه ئەکا.

جووز ئەکا.

وەسه پەز پەیغەمەر.

ورچ له کونای خۆیا هیچ نایژێ.

تەشی ڕێس تەشی ڕێس وێ، وه گیا تاڵەیچ تەشی ئەڕێسێ.

سوار دا لە سواری دانەکەفێ، ناوێتە سوار.

خاسی بکەو بیە دەم ئاوەو.

خاسیکەرە خوەڵ وەسەرە.

بەر لە باران تکە ئەگیرێتەو.

ئاو و ئاگر ئامانی نییە.

وەسە ئاگر قوورەت.

خۆت وەک خۆت.

چا ئەزانێ مەنێ ئارد چەن فەتیرەی هاتێیا.

دۆڵەی پڕ ئاشتی ماڵە.

ڕێیەی دوور بڕۆ دروس بێرەو.

پڕەوبوونی بۆ نییە.

سەرێ نەیشێ دسماڵی بۆ پێوە ئەپێچی.

دەس بگرە مل کڵاوکز خۆتا.

دار پوازی لە خۆی نەوێ ناتلیشێ.

وەسە داس بێ دەسگ.

مانگا و ماکەر ماڵ وە پاکەر، بزن و نێرەکەر ماڵ وێرانکەر.

چار کەر ناکا کۆپان ئەکوتێ.

ئەگەر خەوت تێ ژێرسەرت بۆچەس، ئەگەر برسیتە پەیخوەرت بۆچەس.

زک وەسە کووپە.

تەشاوی دەم.

نە گای شاخ شکیاگ، نە ژن تەڵاق دریاگ.

کەڵپۆس خاس وێ لە کۆڵ خاونە بەرگەکەیەو ئەمێنێتەوە.

کەسێ کەسە حەرفێ بەسە.

کەس بە دۆی خۆی نایژێ تورش.

سوار خۆی دائەنەونێ و پیادە خۆی بەرز ئەکاتەوە دەسومشتاخ کەن.

کۆکردنەوەی جەلال هانیسی